# داهاتووی دەسەڵاتی سیاسی کورد لە باشووری کوردستان
# و
# ئاسۆی پەیوەندی ئەو دەسەڵاتە بە کۆمەڵگاوە...!

(بەشی دووەم و کۆتایی)

دارا مەحمود

**سەرچاوەکانی شەرعییەتی دەسەڵاتی کوردی:**

دەسەڵاتی کوردی شەرعییەتی خۆی لەسێ سەرچاوەوە وەردەگرێت:

یەکەم: ڕابردووی خۆی.

دەسەڵاتی حزبی و حکومی لە باشووری کوردستان، بەهەموو شێوازو جۆرەکانییەوە، لەشەرعییەت بەخشین بەخۆی پەنا بۆدیرۆکێک دەبات کە لە عاتیفەو بیرەوەریی خەڵکیدا جێگای شانازی و بەپیرۆززانینە. هەربۆیە هەمووان یاری لەسەر ئەم ژێیە دەکەن و بەردەوام لەگوتاری سیاسیاندا دەستەواژەکانی وەک: ئێمە شۆڕشمان کرد، ئێمە شەهیدمان دا، ئێمەڕاپەڕینمان کرد..دووپات دەبێتەوە. ئەم شێوازە گوتارە مەترسیی لەسەر هەر ئاڵوگۆڕێکی دیموکراسیانە دەبێت. چونکە شایستەیی بەخۆی دەبەخشێت و ئەوی تری لێ بێبەریی دەکات. کە ئەمەش لەگەڵ سادەترین بنەماکانی دیموکراسیدا ناکۆکە. چونکە دەسەڵات دەبێ لەسەر بنەمای شایستەبوونی ئەمڕۆیەوە هەڵبسەنگێنرێت نەک دیرۆک.

لە جیهانی دیموکراسی و تەنانەت نیمچە دیموکراسیشدا چەندان نموونەی وەها حاڵەتێک و چۆنییەتی مامەڵەکردن لە گەڵیدا لە ئارادان. یەک لەو نموونانە وڵاتی نیکاراگوایە. لەو وڵاتە بەرەی میللی ساندینیستەکان دوای پتر لە 30 ساڵ لە خەباتی سەخت و دژوار ساڵی 1979ڕژێمی دیکتاتۆری سۆمۆزایان ڕووخاند و بەرەی ناوبراو بەسەرکردایەتی دانێل ئۆرتیگا دەسەڵاتی گرتە دەست. بەڵام لەیەکەمین هەڵبژاردنی ئازادا، بە پێچەوانەی هەموو چاوەڕوانییەکان، بەرەی ناوبراو هەڵبژاردنی نەبردەوەو گەل باوەڕی بە بەرهەڵستکاران بەخشی و ئیتر لەوکاتەوە تائەمڕۆ هیچکات ساندینیستەکان نەهاتوونەتەوە سەر دەسەڵات. کەچی هیچکاتیش نەیانگووتووە ئێمە شۆڕشمان کردووەو دەبێ ئێمەش دەسەڵات بەڕێوەبەرین. ئەمە لەکاتێکدا کە سوپای ئەم وڵاتە لایەنگری ساندینستەکان بوو، و ئەگەر لەبەر هەلومەرجە دەرەکییەکان لەتواناشیدا نەبووایە لە ڕێگای زۆرەوە دەسەڵاتی ساندینیستەکان بپارێزێت، ئەوە بە ئاسانی دەیتوانی بارودۆخەکە تێک و پێک بدات. بەڵام هەرگیز ئەمەی نەکرد و ئەکامەکەشی ئارامی و سەقامگیری و ئاستێکی بەرچاو لە دیموکراسی و ئازادی، لانی کەم لەچاو وڵاتانی تری ئەمریکای لاتین بوو.4

هەروا لەسەر ئاستی تاکە کەسیش چەندان نموونە هەن: وێنستۆن چیرچلی سەرەک وەزیرانی بەریتانیای سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی. قارەمانی جەنگی جیهانی بوو. و لەلایەن گەلی بەریتانیاشەوە زێدە جێگای ڕێزو خۆشەویستی بوو. بەڵام لەیەکەم هەڵبژاردنی دوای جەنگ، چێرچل هەڵنەبژێردرایەوە. ئەمە لەکاتێکدا کە گەلەکەی نازناوی قارەمانی جەنگی پێ بەخشیبوو، و وەک دیارترین کەسایەتی ئەوسەردەمە ناوی لەدیرۆکدا

تۆمارکرا. بەڵام گەلی بەریتانیا ئەزموونێکی بەهاداریان پێشکەشی مرۆڤایەتی کرد. پەیامی ئەو ئەزموونەش ئەمەیە کە ئەگەر هاتوو کەسایەتییەک قارەمانی سەردەمی شەڕ بوو، مەرج نییە کە دەبێ حەتمەن قارەمانی سەردەمی ئاشتی و ئاوەدانکردنەوەش بێت. چێرچل ڕۆڵی خۆی لە قۆناغێکی گرنگی دیرۆکیدا بە شایستەییەوە گێڕا. بەڵام دوای تەواوبوونی ئەو قۆناغە، ڕۆڵەکەی ئەویش تەواو بوو.

ئەمانەو چەندانی تر ئەو نموونە واتادارانەن کە جێگای تێڕامانن. و ئەو زەنگەمان بەگوێدا دەدەن کە هەر بیرکردنەوەو ڕەفتارێکی سیاسی ئەم پرێنسیپەی قبوڵ نەبێت و پەیڕەوی نەکات سەرەڕای کۆسپ دانان لە ڕێگای گەشەسەندنی کۆمەڵگادا، سوکایەتی کردنیشە بەکۆمەڵگاو بچوککردنەوەو بێبەریی کردنی تاکەکانییەتی لەمافی گەیشتنیان بەدەسەڵات و بەواتەیەکی تریش مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵات و لەباربردنی خودی دیموکراسیشە.

دووەم: هێشتنەوەی کۆمەڵگا لەسەردەمی شۆڕشدا.

هەموو دەزانین کە شۆڕش بە قوربانیدانی نەتەوەیەک ئەنجام دەدرێت و هیچ هێزێک ناتوانێت شۆڕشێک بێ پشتیوانی جۆراوجۆری زۆرینەی گەلەکەی سەربخات. بۆیە یەک لە ئەرکەکانی ڕێبەرایەتی سیاسی لەسەردەمی شۆڕشدا، هاندانی خەڵکە بۆ هەرچی زۆرتری قوربانیدان و لەخۆبوردن و چاوپۆشی لە بەرژەوەندییەکان و گوێڕایەڵی لەبەرانبەر ڕێبەرایەتیدا. کە ئەمە بۆ قۆناغی شۆڕش نەک هەر ئاساییە بەڵکو مەرجێکی سەرکەوتنیشە.

ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان گەرچی قۆناغی شۆڕش بەسەر چووەو هەمووان دان بەمەدا دەنێن کە قۆناغی ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانی دامودەزگاکانی دەوڵەت و دابینکردنی ژیانێکی شایستەیە بۆ خەڵکی. کەچی لە پراکتیکدا هەمان گوتاری سەردەمی شۆڕش بە گوێی خەڵکیدا دەدرێتەوە. و هێشتا بە سروودەکانی سەردەمی شۆڕش ختووکەی هەستی خەڵکی دەدەن. و بە شێوازی جۆراوجۆر داوا لە خەڵکی دەکرێت جوامێری بنوێنن و لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا دەست لە بەرژەوەندی خۆیان هەڵگرن. . بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەمەیە کە ئەو یاساو پرێنسیپەی باسمان لێوەکرد تەنیا بەسەر چین و توێژەکانی هەرەخوارەوەی کۆمەڵگادا، ئەوانەی هەژارو نەدارو دوور لە نێوەندەکانی دەسەڵاتن تەتبیق دەکرێت. کەچی لە هەمان کاتدا دەسەڵات و پەراوێزەکەی لەسەر بنەمای پاداشی ڕابردوو هەرکەس فیرعەونێکە بۆخۆی و نەک ئیتر ئامادە نییە قوربانی بدات و چاو لە بەرژەوەندییەکانی خۆی بپۆشێت بەڵکو تێربوونیشی بۆ نییە.

سێیەم: درووستکردنی مەترسیەکی وەهمی.

دەسەڵاتی سیاسی کورد لەوەتەی لەسەر خاکی خۆی بەدوور لەدەسەڵاتی دوژمن حوکم بەڕێوە دەبات هەمیشە خەڵکی خستۆتە قۆناغێکی چارەنووسساز و یانیش ڕاستتر بڵێین هەمیشە پێی تەڵقین کردووە کە قۆناغی ئێستا مەترسیدارو چارەنووسسازەو بۆ ئەوەی وەها قۆناغێکیش بەسەرکەوتوویی بەسەربەرین دەبێ یەکگرین. یەکگرتنیش لەدیدی ئەم تێزەوە بەواتای گوێڕایەڵی هەرچی زۆرترو دواخستنی داواکاری و ڕەخنەو مافەکان بۆ کاتێکی تری داهاتوو. بەڵام پێدەچێت ئەوکاتە داهاتوویە هەرگیز نەیەت. چونکە هەردەسەڵاتێک گەر مەبەستی بێت شەرعییەتی مانەوەی بەردەوام بێت و لە پێناو مسۆگەرکردنی دەستکەوتەکانی و خۆدزینەوە لە ئەرکەکانی دەتوانێ تا ڕۆژی حەشر کۆمەڵگا ڕووبەڕووی مەترسییەکی وەهمی بکاتەوە.

لە حاڵێکدا لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و دیموکراتدا ئەوەی شەرعییەت بە دەسەڵات دەبەخشێت و پەیوەندی ئەو دەسەڵاتە بەکۆمەڵگاوە دەستنیشاندەکات. ئەم خاڵانە نین کە لەکوردستان پەیڕەو دەکرێن و ئاماژەمان پێکردن.

بەلکو دابەشکردنی یاساییانەی ئەرک و مافەکانی هەرلایەک لەمانەیە. لە کوردستان دەسەڵات داوا لەکۆمەڵگادەکات ئەرکەکانی بە باشی بە جێ بگەیەنێت و لەبەر ناسکی و چارەنووسسازی قۆناغەکەش داواکردنی مافەکانی خۆی بۆ داهاتوویەکی نادیار هەڵبگرێت. و هەر بە پێی هەمان پرێنسیپ، تەواوی مافەکانی خۆی لە کۆمەڵگا داوادەکات و خۆشی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیش دەدزێتەوە.

## ئەگەرەکانی تر، یان دەربارەی ئەلتەرناتیڤ:

ئێمە کاتێک باس لەهەر پرۆسەیەکی دیموکراسی دەکەین، یەکەمین تابلۆیەک کە ڕەنگە بێتە بەرچاومان، هەڵبژاردنی ئازاد و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵاتە. هەرئاڵوگۆڕکردنێکیش هەبوونی چەند هێزێکی جیاواز پێش مەرجییەتی. بەڵام ئەم تابلۆیە لەکوردستان بە جۆرێکی ترە. دەسەڵات لە دەست دوو پارتی سەرەکی پارتی و یەکیەتی دایە. لەبەر ئەوەش ئەم دووانە دەسەڵاتیان بەش کردووە و هیچ کامیان لە ئۆپۆزسیۆندا نیە و لە پراکتیکدا ئۆپۆزسیۆنێک هەبوونی نیە. کەواتە باس لە ئاڵوگۆڕکردنی دهسەڵات شتێکی بێواتایە. چونکە دەسەڵات لەلایەن دوو هێزی ناوبراوەوەو داگیرو مۆنۆپۆل کراوەو ڕە.خنەو ناڕازیبوونەکانیش تا ئەوکاتەی ئەلتەرناتیڤێکی بەهێز دێتە ئاراوە هێندە کاریگەر نابن. بەڵام دەشکرێ ئەگەرەکان بە دیوێکی تردا بشکێنەوە:

1- هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی هاوبەشی نێوان پارتی و یەکیەتی و بردنەوەی هەڵبژاردن لە لایەن یەک لەم دوو هێزەو چوونی ئەوی تر بۆ ئۆپۆزسیۆن. کە بەبڕوای من ئەمەیان لەسەر ئاستی نزیک ئەگەرێکی لاوازە. چونکە هێشتا عەقڵیەتی تێگەیشتن و مامەڵەکردن لە گەڵ دۆڕان و بردنەوەدا لەناو هزری سیاسیماندا لاوازو دواکەوتوانەو تەنانەت لەسەر ئاستی گشتی خێڵەکیانەیە. براوە وەک لە ئەزموونی ڕابردووی هەمووماندا بەدیاردەکەوێت شەرعیەتێکی ئەبەدی بەخۆی دەبەخشێت، و ئەو مافەش دەداتە خۆی هەمووان سەرکوت بکات. دۆڕانیش وەک ئابڕووچوون و لەدەستدانی هەل و دەرفەتی یەکجارەکی لەهەر هەڵبژاردنێکی تر لە داهاتوودا، لێکدەدرێتەوە. هەر لەبەر ئەمەش بوو پارتی و یەکیەتی ئەو بوێریەیان تێدا نەبوو وەک دوو هێز بکەونە کێبەرکێ و موونافەسەی هەڵبژاردن. و بەهانەکەشیان کردە ناسکی قۆناغەکە. کە ئەم دووانە هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە نیەو ئەگەر زهنیەتەکە ئامادەیی تێدابووایە زۆرباش دەکرا لەپرسە ناوخۆییەکاندا موونافەسەو کێبەرکێ و جودایی و لە دەرەکیەکانیشدا یەکیەتی و هاوبەشی. کە ئەمە بنەماو پرێنسیپی کارو چالاکی سیاسی ناو هەر کۆمەڵگایەکی دیموکراتە.

2- ڕاپەڕینی جەماوەریی. گەرچی هێشتا زووە باس لە ڕاپەڕینێکی جەماوەریی وەها بکرێت کە بارودۆخێکی تەواو جیاواز لەوەی ئەمڕۆ بهێنێتە کایەوە. بەڵام ڕەتیش ناکرێتەوە. چونکە سەرەتاکەی لە ئاسۆوە دیارە. ئاستی ناڕازیبوونەکان، ناکۆکییە نێوخۆییەکانی سەر ئاستی ڕێکخراوەیی ناو هەریەک لەپارتی و یەکیەتی و شەڕەچەقەو دەست لە یەخەگیرکردن و پاشقول لە یەکتر گرتن و یەکتر کردنە پەیژە بۆ بەدەستخستنی هەرچی زۆرتری پلەوپایەو دەستکەوتە مادییەکان، درووستبوونی بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیریی نارێکوپێک بەتایبەتی لە دەرەوەی کوردستان کەلەسەر بنەمای ڕەخنەگرتن و بێدەنگ نەبوون و ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکان چالاکی دەنوێنێ...و لەهەمووانیش گرنگتر بەردەوامیی و پێداگرتنی دەسەڵات لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی حوکم و مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگا بە شێوازە کلاسیکییەکەی ڕێگەخۆشکەری وەها پێشهاتێکن.

3- درووستبوونی ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی کە توانای ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی هەبێت. وەها ئەلتەرناتیڤێکیش ئێستا لەحاڵی فۆرمگرتن و گەشەسەندندایە، کە لە ئیسلامی سیاسیدا خۆی دەبینێتەوە. گەرچی هەرگۆڕانکارییەک

بەم بارەدا مەترسیدارەو دۆخەکە بەرەو خراپتر دەبات. بەڵام پرس لێرەدا باشی و خراپی نییە بەڵکو واقیعێکە کە ناکرێ چاوی لێ بپۆشین.

4- ریفۆرم و گۆڕانکاری ناو پارتەکان: دیارە لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا، کەسایەتیە ناسراو،و دەسەڵاتدارەکانی ناو هەر پارتێک رۆڵیان بەسەر دەچێت و لانیکەم پیردەبن و دەمرن و کەسانی تر جێگایان دەگرنەوە. و دەکرێ لەم جۆرە حاڵەتانەدا کەسایەتیە نوێیەکان بەدیدو تێڕامانێکی ترەوە بێنە ناو گۆڕەپانەکەو گۆڕانکاری بەدی بێت. پێشهاتێکی ئاوا بەتایبەتی لەناو یەکیەتی نیشتمانیدا چاوەڕوان دەکرێت. چونکە بە کۆتایی هاتنی رۆڵی بەڕێز مام جەلال، قۆناغێکی تر دێتە ئاراوە کە بێگومان مەرجیش نیە لەوقۆناغەدا گۆرانکاریەکان حەتمەن بەلایەنی باشیدا بن. بەڵام بەدیویکی دیکەشدا و بەگشتی دەتوانین بڵێین رووداني گۆڕانکاری خۆی لەخۆیدا پۆزەتیڤەو هەلومەرجی نوێ دەهێنێتە کایەوە. یەک لەمانە بۆ نموونە کۆتایی هێنانە بە سەردەمی پەرستنی تاک و دەسەڵاتی ڕەهای کەسایەتی کاریزمایی. و درووستبوونی دەرفەتی نوێ بو هێنانەکایەی دامودەزگاو یانیش بەواتایەکی تر گۆڕینی سیستەمی ستوونی لە دامودەزگاکانی پارت و دەوڵەتدا بۆ سیستەمی ئاسۆیی. کە لەوێدا رۆڵی پترو فراوانتر بەکۆمەڵگاو خەلک و دامودەزگاکانی دەبەخشرێت.

بەڵام وەها چاوەڕوانییەک زۆر کەمتر لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێت. چونکە شێوازی پەیڕەو ودابەشکردنی دەسەلات بە جۆرێکی ترەو لەوێدا رۆڵی ماڵبات یەکلاکەرەوەیەو بەواتایەکی روونتر دەتوانین لە ئێستاوە پێشبینی بکەین تا پەنجا ساڵی تر کێ لە ناو پارتیدا دەسەڵاتی سەرکردایەتی دەگرێتە دەست و لەمرۆوەوە رەنگە تەنیا لە پاش و پێشکردنی ناوەکاندا بەهەڵەدا بچین.

ئەم سیستەمە لەلایەکەوە دەبێتە مایەی روونەدانی قەیرانی گەورەی سەرکردایەتی و ئایدیۆلۆژی و رێکخراوەیی... چونکە ئەمانە بەجۆرێک لە جۆرەکان پێشوەخت یەکلاکراونەوە. یان لەلایەن ئۆتۆریتەیەکی خاوەن دەسەڵاتی رەهاوە یەکلا دەکرێنەوە. و ئەمە ئەو ئیمتیازەیە کە پەیڕەوانی پارتی وەک سەرووەرییەک شانازی پێوەدەکەن. و دیارە هەرکەسیش ئازادە لەوەی وەها سیستەمێکی لا پەسەند بێت یان نا. بەڵام بەو مەرجەی ئەمە لە چوارچێوەی تەشکیلاتی پارتایەتی دەرباز نەبێت کە گومانیش لەمەدا نیە هەر دەرباز دەبێت. چونکە هەمان کەسایەتین کە لە حزبدا پەروەردە دەبن و پاشان پۆستە حکومیەکان، و بەگشتی دەسەلات دەگرنە دەست. بەواتایەکی تر ئەو سیستەمەی لە حزبدا پەیرەو دەکرێت لە رێگای دەسەڵاتەوە بە سەر کۆمەڵگادا دەسەپێت. کە لێرەدایە ڕەتدەکرێتەوەو وەک سیستەمێکی نەریتی نادیموکراسی هەڵدەسەنگێنرێت. سیستەمێکە بەردەوامبوونی خۆی لە، لەناوبردنی دەرفەت بۆهەموان و بەرابەری و لە ئاکامیشدا لە درووستبوونی دسەڵاتێکی دیکتاتۆریەوە بەدەست دەخات.

<u>پەراوێزەکان:</u>

1- بۆ پتر زانیاریی دەربارەی کۆمەڵگا سیاسییەکان بۆ نموونە بروانە:دکتر حسین بشیریە. جامعە شناسی سیاسی- نقش نیروهای اجتماعی در زندگی سیاسی- نشر نی. چاپ ششم 1379-تهران.

2- ئۆلیگارشی oligarchy یان حکومەتی گروپێکی بچوک. لەم رووەوە سان د. سپیتز دەڵێت: کە هەر حکومەتێک لە نوخبەیەکی بچوک پێکدێت. و ئەوەی حکومەتێکی دیموکرات لە سەرکوتکەر جیادەکاتەوە ئەمە نیە، بەڵکو بەرپرسیارێتیە. ئەوەی کە ئایا دەسەڵاتی رێبەرایەتی مایەی پەسەندی ئازادانەی خەڵکە یان نا. بەڵام لە هەموو حاڵەکاندا ئەم چەمکە بە گشتی لە جیهانی سیاسەتدا وەک توانج و رەخنە لە دەسەڵاتێک دەگیرێت کە لە گروپێکی بچوک پێکهاتبێت، گەندەڵ بێت و نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خەڵکی نەکات.

بۆ زۆرتر زانیاری بۆ نموونه بڕوانه: جولیوس گولد ، ویلیام ل.کولب – فرهنگ علوم اجتماعی – ویراستار: محمد جواد زاهدی مازندرانی. انتشارات مازیار تهران- 1376

3- پۆپۆلیزم: لەهەمان واژەی populace واتا جەماوەر یان خەڵک وەرگیراوە. کەوەک چەمکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکاردێت. و مەبەستیش لەم چەمکە گێڕانەوەی هەر شت بۆ خەڵک و جەماوەر. و بەلای پەیرەوانی ئەم ڕێبازەوە، خەڵک لەسەروی یاساو پرێنسیپ و نۆرم و ئەخلاقەوەیە. ریشەی بیری پۆپۆلیزم سەرەتا لە ناو ڕۆشنبیرانی ڕوس لە دەیەکانی 1860 سەری هەڵدا. ئەم بیرە لەهەر کۆمەڵگایەکدا شێوازو فۆرمی تایبەتی خۆی هەیە. ئیتر لەهەندێک شوێن وەک بزووتنەوەی فاشست و نەژاد پەرەست، لەهەندێک شوێنی تریش ئازادیخوازو لەیەکێکی تریش چەپی نوێ..خۆی دەردەخات.. بەڵام ئەم چەمکە بە شێوازە گشتییەکەی بە واتای خەڵک هەڵخەڵەتاندن دێت.

بۆ زۆتر زانیاری بۆ نموونە بڕوانە: داریوش آشوری دانشنامە سیاسی. انتشارات مروارید. چاپ پنجم 1378-تهران ل299-300

4- پێویست بەگوتنە، کە بارودۆخی نیکاراگوا، و سەرنەکەوتنی بەرەی چەپگەرای ساندینیستەکان لە هەڵبژاردنەکاندا لە ئەنجامی دەستێوەردانێکی فراوانی دەرەکی، بەتایبەتی ئەمەریکا لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە بووە. بەڵام پەنابردنی ئێمە بۆ وەها نموونەیەک تەنیا بە مەبەستی نیشاندانی کاردانەوەی بەرەی ساندێنیستەکان و مامەڵەکردنی عەقڵانیان لە گەڵ واقیعێکدا بوو کە بە زیانی خۆیان وەک دەسەڵات، و قازانجی وڵاتەکەیان تەواو بوو.